# شورای ئیسلام یان دیموکراتیەتی علمانی؟

**سەردار عەبدولکەریم عەبدولاّ-هۆلەندا**
**Sardar24@hotmail.com**

لە ڕواڵەتدا تەنها لە ژێر ناونیشانی دوو مەزهەبی سەرەکی گەورە (سوونە وشیعە) زۆر باس لە ئیسلام/موسڵمان دەکرێ،بەڵام لە ناو منداڵدانی ئەم دوو مەزهەبە سەرەکیەدا چەندین گرووپ،ڕێبازی فکری وعەقائیدی ناکۆکی تر هەنە و لە دایک بوونە و دەبن،هەر یەکە لەمانەش بە پاڵپشتی سەدان بەڵگەی مێژوویی،حەدیس و دەقی قورئان پاساوی جۆراوجۆر بۆ بۆچوونەکانیان دەهێنەوە.[1]

ئایا لەناو ئەم هەموو ناکۆکی و ململانێ فکری وعەقائیدیانەی(ئیسلام-ئیسلام)، (موسڵمان-موسڵمان)،(ئیسلام-علمانیەت)و(ئیسلام-ئاینەکانی دیکە)،..هتد.تا چەند (ئیسلام و موسلمان) سەرچاوەی مەترسینە بۆسەر پرۆسەی دیموکراسیەت،ئارامی جیهان و دروستبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی مۆدێرن ؟بەواتایەکی تر فاکتەرەکانی ترسان لە ئیسلام/موسڵمان چیە،بۆچی بەو چاوە گومانایوە سەیری ئیسلام/ موسڵمان بکرێ؟ئایە ئیسلام چارەسەری سەرەکی و ڕاستەقینەی سەرجەم کێشە ئاڵۆزەکانی موسلمانان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە؟ئایا ئیسلام هێزێکی مرۆڤپەروەری ئاشتیخوازە یان شەڕانگێز؟

**دیمەنێک لە دەرزی ئیسلام-ئیسلام:**

ئامارەکانی 1995 ئەوە بە دیاردەخەن ژمارەی دانیشتوانی جیهان 5,614,067,486 ملیار مرۆڤ بووە،زیاتر لە ملیارێکیان موسڵمان بوونە،واش چاوەڕوان دەکرێ لە ساڵی2020 ببێتە8,056,329,218 ملیار،موسڵمانەکانیش ببنە دوو ملیار کەس، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ ڕێژەی زیادبوونی موسڵمانان لەڕووی چەندایەتیەوە بە بەراوردکردن لەگەل ئەوانی تر خێراتر و زۆرترە.لە(10-12%)ی موسلمانانی جیهان شیعەن،لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین(140) ملیۆن کەس لە جیهاندا شیعەن،ئەگەر سەیری سەرجەم کۆمەڵگای (کەنداوی فارس)یش بکەین بەیەکەوە زیاتر لە(70%)ی دانیشتوانی ناوچەکە پێکدەهێنن.[2]

شیعەکان هەر لە دوای کوژرانی(عەلی کوڕی ئەبو تالیب)سەرباری ناکۆکیەکانیان لەگەل ئەهلی سونە،لەسەر کۆمەڵێ بابەت وکێشەی عەقائیدی،چۆنیەتی تۆڵە کردنەوە، سەلماندن و گەڕاندنەوەی نەسەبیان بۆ عەلی ومحمد (ولایەت لە ڕێگای خوێن) ناکۆکی وململانێی فکری وچەکداری زۆر کەوتە نێوانیان.دەکرێ بۆ بەرچاو خستنی قەبارەی ئەم ململانێ و پەرتەوازەیەی شیعەکان بەم شێوە پۆلین بکرێن:

**عەلویەکان**: دەکرێنە دووبەش،(**قزلباشیەکانیان**)کوردن و بەشێکیان لە ناو تورکیا دەژین 600 هەزاریشیان لە ئەڵمانیان.ئەوانی تریش بە(**نوسەیریە یان ئەنساریە**)

ناسراون لە سوریا و باکووری لوبنان دەژین.(**بەگداشیەکان**)لە تورکیاو ئەلبانیا هەن.(**دروزەکان**)لە لوبنان،ئیسرائیل و سوریە دەژین(ئیسماعیلین) .(**شیعەی دوانزە ئیمامی**)گەورەترین گرووپی شیعەن،لە ئیران،عێراق،وڵاتانی کەنداو،هیندستان، پاکستان،تورکیا،ئازەربایجان و ئەفغانستان دەژین باوەڕیان بە مەهدی مونتەزیر هەیە و لەوانی تر زیاتر ڕێکخراوترن و خاوەنی مەرجەعیەت بەهێز ودەوڵەتن. (**هەزارەییەکان**)لە ئەفغانستان دەژین.(**مەتەولیەکان**)لە لوبنان دەژین و باوەڕیان بە هەفت ئیمامە سەرەتایەکانی شیعە هەیە.(**زەیدیەکان**)لە یەمەن دەژین باوەڕیان تەنها بە پێنج ئیمامە سەرەتایەکانی شیعە هەیە.[3]چەندین گرووپی زۆر بچوکی تریشیان هەیە.

بەلاّم مەزهەبی سونە کە باڵە گەورەکەی ئیسلامە لە سەرەتای سەدەی یەکەمی کۆچیەوە خۆیان لە چوارچێوەی دەسەلاّتی سیاسی سونە ڕێکخستووەو ناوەندە ئاینیە سونەکان لەترسی بزوتنەوەکانی شیعەگەری زەواجێکی سیاسیان لەگەل دەسەلاّتی سیاسی فەرمانڕەوا دروستکردوە،بەدرێژایی مێژوو بوونەتە سەرچاوەی پالپشتی و بەهێزکردنی مەرکەزیەتی ئەم دەسەلاّتە سیاسیانە،[4] دوا بە دوای مردنی پێغەمبەریش دوو قوتابخانەی حەدیس سەریانهەڵدا یەکیان لە عیراق کە ئیبراهیم نەخعی ڕابەرایەتی دەکرد و ئەویتریان لە شام سەعیدی کوڕی جەبیر بەڕێوەی دەبرد،پاش ئەمانەش بەکەمێک چواردە مەزهەبی فیقهەی لەلایەن سونەکانەوە ئیشی پێکراوە:مەزهەبی حەسەن بەسرِی لە بەسرا(21-102ک)،ئەبو حەنیفە لە کوفە(84-150ک)،ئەوزاعی لە شام(88-157ک)، سەورِی لە کوفە(97-161ک)، لەیسی کوڕی سەعد لە میسر(94-175ک) سوفیانی کوڕی عوەیینە لە مەککە(107-198ک)،شافعی لە میسر و عیراق(150-204ک)، ئیسحاقی کوڕی ڕاهویە لە نیساپور(161-238ک)،ئەبو سورِ لە بەغدا240 ک، داودی زاهیری لە بەغدا(164-241ک)،محمدی کوڕی جەریری تەبەرِی لە بەغدا(224-310 ک) و مالیک کوڕی ئەنەس179ک،[5] زانا تەقلیدیەکانی سونەگەری ئێستاش تەنها دان بەچوار مەزهەبی سەرەکی دەنێن:(***شافعی***) دەگەڕێتەوە بۆ محمدی کوڕی ئیدریسی قورەیشی لە( 204ک/ 820ن) مردووە.(***مالیکی***) مالیک بن ئەنەس لە( 179ک/ 796ن) مردووە.(***حەنەفی***)ئەبو حەنیفە نوعمان لە(150ک/868ن) لە زیندانی عەباسیەکان مردووە.(***حەنبەلی***)ئەحمەدی کوڕی محمدی کوڕی حەنبەل لە ساڵی(241ک/855ن) مردووە،[6]ئەوانیش وەک شیعەکان لەسەر مەسائیلی عەقائیدی کۆمەڵێ مللانێی خوێناوی و فکریان هەبووە و هەیە.[7]جگە لەکێشە عەقائیدیەکانی نێوان(الجبریە والاختیارین) بۆ نمونە بزوتنەوەی (موعتەزەلەکانی) بەغدا و ئەشعەریەکان یان بزوتنەوەکەی ئین ئەلتەیمیە و ئیبن ئەلقیەمی شاگردی کە خۆی لە دابڕاندنی مەعریفەی ئاینی لە شێوەکانی دیکەی مەعرفە دیتەوە،بەمەش ڕەفزی گەشەکردنی

مەعریفەی مرۆڤیان ڕاگەیاند  ووتیان: مەعریفەی دینی گەشەناکات، چونکە دوا ئاستی مەعریفەی تەواو لای ئەسەحابەکان وتابیعینەکان بووە[8]و ڕەفزی سەرجەم مەزهەبەکانی ئەهلی سونەیان کرد و شیعەشیان بەکافر لەقەلەمدا،بەهۆی ئەم توندڕەویە و چەقبەستنەی فیکر و مەعریفە لای لایەنگرەکانی ئیبن ئەلتەیمیە و ئەلقیەم لایەنگرانی ئەم ڕێبازە فکرییە  بوونە هۆکاری سەرهەڵدانی بیری توندڕەوی و ئیسلامی جیهادی لەناو موسڵمانە سونەکان.بۆ بەگژ داچوونەوەی ئەم ڕێبازە توندڕەوەی ئیبن ئەلتەیمیە کە زادەی شکەست و خۆ بەکەم زانینی ئیسلام بووە لەبەرامبەر شکەستی ئیسلام بەگشتی و عەرەب بەتایبەتی ئەوە لەسەدەی هەڤدەی زاینی بەدواوە چەندین بزوتنەوەی تەسەوەفی وەک نەقشەبەندی، قادری،ڕەفاعی، سنوسی,قادیانی...هتد پەیدابوون.

جەمالەدینی ئەفغانیش لە1839–1897ز لەڕێگای وتار،نووسین و هەلوێستەکانیەوە توانی بزوتنەوەیەکی ڕیفۆرمی بێنێتە ئاراوە و گەشە بە بیری(چەپی ئیسلام)ی بدات. کاریگەریەکەشی بگاتە نێو سەرجەم وڵاتانی ئیسلامی. لە دوای ڕوخانی خەلافەتی عوسمانیش وەهابیەت لە سعودیە وەک مەزهەبێکی (سیاسی–ئاینی)تازە سەری هەڵدا و بە پلەی یەکەم ئەرکیان دژایەتی شیعە و مەزهەبە تەقلیدیەکانی سونە(ئیسلامی تەقلیدی)بووە.(محمد عەبدولوەهاب)یش لە بزوتنەوەی ڕیفۆرمی سەلەفی (موجاهیدکار) هەڵگەڕایەوە بۆ سەلەفیەتی (موحافزکار) بە ناوی دەقەوە دژایەتی ڕێبازی(ئیبن ئەلتەیمیە) و (ئیبن ئەلحەنبەل)کرد،بەمەش (دەولەت–قاعیدە) لەمیسرەوە چوو بۆ (سعودیە)،ڕەهەندی بزوتنەوەکەش لە(دەستور – پەرلەمان) بۆ (قەبیلە – خانەوەدا) گۆڕا[9]. بە سەرکەوتن و دامەزراندی دەولەتی سعودیە زەواجێکی سیاسی لەنێوان(دەسەلاتی ئیلاهی و سیاسی)ی خانەوادەی (وەهاب وفەیسەل) دروستبوو.لە میسریش بزوتنەوە ڕیفۆرمیەکەی ئەفغانی بوو بە نەواتی دروستبوونی (ئیخوان مووسلمین)،پاشانیش چەندین ئەحزاب و گروپی سیاسی ئیسلامی سونەی لێکەوتەوە،هەریەکەش لە مانە بەناوی ئیسلام و گەڕانەوە بۆ سونە و سەلەفی سالحین ئەوی تریانی کافر دەکرد،بەململانێی نێوان سونەی تەقلیدی،وەهابیەت و بزوتنەوە سەلەفیە جیهادی و ریفۆرمیستەکان دیاردەی توندوتیژی سیاسی لە کۆمەڵگای ئیسلامی سونەی تەقلیدی بەشێوەیەکی خێرا گەشەی کرد.کێشەی زۆریان لە نێو خۆیان و لەگەل سەرجەم مەڵبەند و مەزهەبە تەقلیدیەکانی ئیسلامی و حکومەتەکان و بزوتنەوە دیموکراتیەکانی جیهانی دروست کرد.

**سەرەتایەکی شاعریی و کۆتایەکی پڕ لە عونف**:

ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە گەشەی فکری و مێژووی هەردوو باڵە سەرەکیەکەی ئیسلام بدەینەوە دەبینین هەر لەدوای کوچکردنی پێغەمبەر بۆ مەدینە گۆڕانکاری لە

ڕێڕەوی فکری سیاسی و ڕوحانیەتی ئیسلام هەست پێدەکرێ. ئەگەر کەسێ بیەوێ محمد لەبەرگی نەبوەتدا ببینێ بەناچاری دەبێ سوڕەکانی مەککیە بەتایبەتی سوڕەکانی وەک موءمنین،نەجم بخوێنتەوە،کە ڕوحانیەتی مەسیح بە شێوەیەکی زەق و ڕوون لە ئایەتەکان دەبینرێ بەپێچەوانەوە ئەگەر بیەوێ محمد لە سەر کورسی دەسەلأت و قانونددانان ببینێ،دەبێ پەنا بۆ سوڕە مەدەنییەکانی وەک بەقەڕە،نیساء،محمد و بەتایبەتی سوڕەی نوور ببا،3-4 ساڵ پاش هیجرەت بەتایبەتی لە دوای پاککردنەوەی مەدینە لە یەهود وسەرکوتکردنی(بەنی مەسلەق) ئاسەواری ئەمیرایەتی هەم لە حوکمەکان و هەم لە ڕەفتاری خودی پێغەمبەریشدا دەنوێنێ.[10]بۆ زیاتر ئاشنابوون بە ڕۆژگاری دووەمی دەسەلأتی محمد سوڕەکانی تۆبە و ئەنفال ئەوە نیشاندەدەن کە هێڵی بەیانی عونف،کوشتن و تالانی نەیارەکانی گەیشتۆتە دوا ئاستی توند و تیژی،لەم کاتەوە ئیسلام ڕێگای لە بەردەم هەموو جۆرە پێکەوە ژیانێکی هاوتایی ئیسلام و دژەکان(غەیری ئیسلام) گرتووە، تاکە ڕێگایەک بۆ ئەوان تەسلیم بوونی ڕەها و قبولکردنی بێ مەرجی ژێردەستی و جزیەدان بووە بەئیسلام،لە حالەتی ڕەتکردنەوەشدا سەر و سامانی حەلالی (محمد وبەیتولمال و موسڵمانان) کراوە.ئیسلام ئەگەر ڕاستەوخۆش هەڵی لە ناوبردنی دژەکانی نەدابێ ئەوە هەندێ جار لە ڕێگای ئیستخبارات و عەمیلەکانەوە ئەم هەنگاوەی بەنهێنی ناوە.ئیسلام ئیجازەی بە کوشتن و تیرۆرکردنی ئەو کەسە (دوژمنە)داوە کە ئازاری ڕەسول و موسلمانانی دابێ،هەموو (زاناکانی ئیسلام ) لەسەر ئەمە کۆکن،مەسەلەی کوشتنی(کەعبی کوڕی ئەشرەف) بەیەکێ لە دەیان نموونەی ئەو سەردەمە و دواتر دەهێنینەوە. [11]

پێغەمبەر بەو دەستورە ئایندەی ئیسلام و دەسەلاتی سیاسی داڕشت،دوا دێری ڕیسالەکەشی بەوە کۆتای پێهێنا کە :(الیوم أکملت لکم دینکم وأتممت علیکم نعمتي و رضیت لکم الاعسلام دیناً) المائدة 3. ئەگەر ئەمە دوا شێوەی داڕشتنی ئیسلام بێ و بۆ کەس نەبێ لێی دەربچی،ئەوە بە بەراوردکردنی ڕێژەی موسڵمانان لە جیهان لەگەل غەیرە مووسلمانەکان دەبینین(لەساڵی2003 ژمارەی د.ج 6,333,867,788 ملیارە و هی موسلمان ناگاتە ملیار ونیوێک)موسلمان کەمتر لە یەک لەسەر چواری دانیشتوانی گۆی زەوی پێکدەهینن[12](بە هەڵبواردنی ئەوانەی تەنها بەناو موسلمانن،بەلأم بە هۆی بۆچوونەکانیانەوە لە خانەی موسلمان پۆلین ناکرێن ئەوە ژمارەی موسڵمانی پراکتیکی لەم ڕێژەیەش کەمترن).وابەستەبوون و پابەندبوون بەحوکمی ئەو ئایەتە مەدەنیانەبێ،ئەوە دەبێ هەتا هەتایێ موسڵمانان شەڕی کافر و لادەران بکەن،بۆ درێژەدانیش بەم جەنگە پیرۆزە دەبێ هەر خەریکی تیژکردنی شیر و تیر بین،نەک ڕێزگرتن لە بۆچوونی جیا جیا وبەرقەراربوونی ئاشتی و ئارامی.

ئیسلامییە سیاسیەکانی ئێستا ئەم قۆناغەی ئیسلام و رۆژگاری پێغەمبەر بەچاکترین نموونە دەزانن بۆ ئایندەی مرۆڤایەتی.

**ئەو دۆخەی کە ئیسلامیە سیاسیەکان خەوی پێوە دەبینن:**

لە دوای مردنی پێغەمبەریش تەنها مەسەلەیەک کە سەرجەم ناوەندە ئیسلامیە سیاسی/ئاینیەکان لەسەری کۆکن ئەوەیە کە خەلافەتی خەلیفەی یەکەم و دووەهەم بە باشی تێپەربووە،هەردووکیان لە قورئان و سونەتەکان لایاننەداوە.هەردوو خەلیفەی یەکەم زۆر داکۆکیان لەم رێچکە و سیستەمە سیاسە و روحانیە کردبوو کە محمد بە تەواوترین فۆرمی ئیسلام پێناسەیکردبوو،بەلاّم شێواز و چۆنیەتی دەستنیشانکرانی خەلیفەی یەکەم لای هەردوو باڵە سەرەکیەکەی ئیسلام جێگای پرسیاری زۆرە،لە رووداوی (سەقیفەی بەنی ساعیدە) ئەبوبەکر بە زۆری لەلایەن (عومەری کوڕی خەتاب) بە یەکەم خەلیفەی ئیسلام دانرا،پاش ئەوەی دەنگی ئەوە لای ئەنسار ومهاجرەکان بەرز بۆوە(مەلیکێ لە ئێوە و یەکێ لە ئێمە)،مهاجیرەکان بەبیانووی ئەوەی خۆیان بە جەددی رەسول زانیووە گرەویان لە ئەنساڕەکان بردبۆوە،عەلی و تەلحە و زوبێر کە خەریکی شۆردنی تەرمی محمد بوون ئاگایان لەم کارە نەبووە،کە عەلی لەمە ئاگادارکرایەوە گووتی:"احتجوا بالشجرة واضاعوا الثمرة"[13] و (عەلی)ش لە سەر ئەمە و هەروەها لەبەر تورە بوونی(فاتمە)ی ژنیشی لەسەر نەگەڕاندنەوەی میراتی باوکی(فدک)بۆ بەیتولمال،بۆماوەی شەش مانگ بەدڵشکاوی و گۆشەگیری ژیا تا مردنی فاتیمە مبایەعەی ئەبوبەکری نەکرد[14].پاشان بە ناچاری لەرێگای گلیە بەناوبانگەکەی لە ئەبوبەکر کە گووتبووی:"**هیچ شتێ پابەندم ناکات کە بەیعەتی ئەبووبەکر بکەم جگە لەوەی کەدەزانم مافی خۆیەتی،بەلاّم لەگەل ئەوەشدا دەبینرێ کە ئیمەش لەو ئەرکەدا بەشمان هەبووە ولێمان زەوتکراوە.**"[15]هەروەها ئەگەر رووداوی (ئەلغەدیر)یش بەمانای دەستنیشان کرانی عەلی بووبێ لەلایەن محمدەوە(وەک شیعەکان تیۆری خۆیان لە سەر دارشتووە) بۆ ئیمامەت و خەلافەتی موسلمانان، ئەمە لەگەل ئەوەی کە ئاماژەیەکی ئاشکرایە بە غەدرلێکرانی عەلی،بەلگەیەکی کە دەبێ بۆ نەبوون و پێشێلکرانی رێساکانی شوراش لە ناو ئیسلام،چونکە محمد بەم (تەعین)ەی(عەلی) بۆ پۆستی خەلافەت ئەو شێوە شورایەش رەتدەکاتەوە کە لە قورئاندا زۆر بە سەرەڕۆی باسی لێوەکراوە (واءمرهم شورا بینهم) لە نێو خۆی (موسلمان-موسلمان)دا.

ئەبوبەکریش چاکەی عومەری بەوە دایەوە بەر لەمردنی پۆستی خەلافەتی دا بە عومەر(بێ ئەوەی مەسەلەی شورا لە بەرچاوبگیرێ).لەگەل ئەوەی عەلی لە هەموویان زیاتر پڕوپاگاندەی خەلافەی دەکرد،بەلاّم بۆ عومەر شتی وای لێناگێڕنەوە،کەچی لە بارەی خەلیفەی سێهەمەوە مەسەلەکە وانییە و لادان لە رەوشتی سێهەمیان دا بەرادەیەک بوو کەجیهانی ئیسلامی بەرەو هەلّچوون و

سەرکێشی برد،لە ڕواڵەتدا دیاریکردنی عوسمان بۆ پۆستی خەلیفە زیاتر لایەنی دیموکراسیی هەبووە و زیاتر بە بیروڕای گشتیی موسولمانان پشت ئەستور بووە، چونکە عومەر شەش کەسی دیارکرد تا لە نێوانیاندا خەلیفەی داهاتوو هەڵبژێرن (عەلی،عوسمان، تەلحە، زوبێر،سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس و عبدالڕەحمانی کوڕی عۆف).عەبدولڕەحمان لە راپرسیەکی تەکتیکیدا ئەم پۆستەی بۆ عوسمان مسۆگەر کرد،عەلی ئەوەی قەبول نەکردووەو عوسمان قەبولی بووە (لەو حالەتەش دا گومان لە پاکی شوراکە هەیە).بەهەرحال لادان لە سونەتی ڕەسولٌ الله لە دەورانی ئەم خەلیفەیە بە25 جار دانراوە،ئەم لادانانەش هەر هەمووی لە ئاکامی چاوچنۆکی بنەماڵەی عوسمان و گەیشتن بەدەسەڵات ڕوویداوە.[16]عەلی لە منافەسەی (عوسمان)دا جگە لە باسی رۆڵی خۆی لە خزمەتی ئیسلام هیچی دیکەی نەدرکاندووە،ئەگەرچی عەلی لە هەموویان زیاتر باوەڕی بە ئیسلام و شوڕا هەبووە،بەڵام لە سەردەمی خەلافەتی ئەودا سێجار عەلی بەخۆی ە بە لەشکرەوە لەگەل موسڵمانان و ئەسحابەکانی پێغەمبەر ڕوبەڕووی شەڕ بۆتەوە تا زوبێر و تەلحەش کەلە عەشەڕەی موبەشەرە بوونە کەوتونەتە دژایەتیکردنی.[17]

ئەگەر بۆ(خەلافەتی عەلی) تیۆری (**دەق و دەسنیشانکردن**) بەڕاست بزانین وەک شیعەکان باوەڕیان پێهەیە،ئەوە بە ڕازیبوونی(عەلی)بەخەلافەتی هەرسێ خەلیفەکانی پێشخۆی لە قسەکانی(محمد)دەرچووە و تاوانی کردووە،ئەگەر شورا لە(دەقەکان)وەک فەرز(بەلانی کەم تەنها لە نێوخۆی موسلمانان) باسی لێوەکرابێ و هەبێ،بەڵام ئەبوبەکر و ئەوانی دیکە ئەم مەسەلەیان ژێرپێ خستووە،ئەمەش بەو مانایە دێ کە هەرسێ خەلیفەکەی تریش لە فەرمایشی(خوا) و (محمد) لایانداوە.ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کەوا هەر لەسەرەتاوە ئەسحابە و یارانی پێغەمبەر لە پێناو حاکمیەتدا حوکم و ناوەڕۆکی دەقەکانیان لەئاست بەرژەوەندیەکانی دەسەلاتی سیاسی خۆیان پاشەکشە پێکردوە.دیارە ئەو بۆچوونەی زیاتر لای سەرجەم زانا و مێژووناسانی ئیسلامی پەسندترە ئەوەیە کە عەلی باوەڕی بە(شورا)هەبووە،زانای شیعی(ئەلکینی)لە(ئەلکافی)دا دەنووسێ ئیمامی عەلی وتوویەتی: "**من لەسەروی ئەوە نیم کە هەڵە نەکەم،لە نەکردنیشی دڵنیا نیم**."[18]ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ کە عەلی لە گوناه دانەشۆراوە،بەمەش ئەلکینی یەکێ لەمەرجەکانی ئیمامەت کە مەعسومیەتە لەیەکەم ئیمامی شیعەگەری کە عەلیە ناهێلێ.

لەرۆژگاری خەلافەتی راشدیندا هیچ جۆرە گرنگیەک بە بنەماکانی شورا نەدراوە، دەقێکی ئاینی واش لەبەردەست دانیە تا لە ڕووی شەرعی و ئەخلاقیەوە موسڵمانان ناچاربکات بەمەبەستی دیارکردنی پۆستی حاکمیەت پرۆسەی شورا پەیڕەوبکەن.لە هەردوو حالەتدا ئەو پرۆسە شورایەی کە ئیسلامیەکان لە سەردەمی خەلافەتی

راشدین  باسی لێوەدەکەن هەستی پێناکرێ یان ئەگەر ئەنجامیش درابێ گوومناوی بووە.

**کوشتاری یارانی محمد لەسەر دەسەڵات :**

هەموو مێژوونووسانی ئیسلامی لەسەر ئەوە کۆکن کەشەڕی جەمەل،سەفەیین و نەهرەوان لە نێوان یارانی(محمد)ڕویداوە،دەستەیەکیان بە سەرۆکایەتی عایشەی خێزانی پێغەمبەر،معاویە،زوبێر،تەلحە و عبدارحمانی کوڕی عۆف بووە،دەستەکەی تریش بە ڕابەرایەتی  ئیمام عەلی زاوای پێغەمبەر.

لە 15ی ڕەمەزانی 40ک  لە مانگێکی پیرۆزدا عەلی لە محرابی مزگەوت لە شاری کوفە بریندار دەکرێ و لە دوای دوو ڕۆژ بەهۆی برینداریەکەی دەمرێ[19]هەروەها لە ڕووداوێکی تریشدا زۆر بە ئاشکرا ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕۆندەبێتەوە کەوا لە دوا ڕۆژگاری خەلافەتی ڕاشدینیشدا موسڵمانان باوەڕیان بە شورا  نەبووە و پەیڕەوشیان نەکردووە،ئەویش وەک لە پرۆسەی دیارکردنی پۆستی خەلافەتی حەسەن دا بەدیاردەکەوێ کاتێ موسلمانەکان هاتنە لای ئیمامی عەلی بۆ دیارکردنی حەسەنی کوڕی بەئیمام لە دوای خۆی،لە وەڵامدا دەڵێ:"**خۆتان سەرپشکبن لە هەڵبژاردنی،لەوە دەترسم بەدەستنیشانکردنی  وەک بەنی ئیسرائیلتان بەسەربێ  کە چۆن لەسەر هارون ناکۆکی کەوتە نێوانیان**."[20]ئەم قسەی ئیمام ئەگەر ڕاست بێت ئەوە تیۆری دوانزدە ئیمامی شیعەگەری و ئیمامی مەعسوم بەتەواوی ڕەتدەکرێتەوە،ئەگەر خەڵکەکەش سەرپشکە لە هەڵبژاردنی ئیمامدا ئەوە بە زەوتکرانی دەسەڵات لەلایەن مەعاویەی یار و یاوەری پێغەمبەر ڕێز بۆ سەر ڕاستی ئەسحابەکان و گەشاوەترین ڕۆژگاری فتوحات و بەئیسلامکردن نامێنێ چونکە معاویەی ئیمام و خەلیفە وحاکمی موسڵمانان لادەر و زاڵم بووە دەرحەق بە دەقەکانی قورئان و فەرمایشتی پێغەمبەر و بنەماڵەکەی و ئەسحابەکان.

**ڕووداوی کەربەلا و لە گۆڕنانی هەتا هەتای شورا:**

لە دوای مردنی عەلیش مەسەلەی شورا لە ناو موسڵمانان شتێکی بەرچاونەبووە، حەسەنی کوڕی عەلی لەلایەن  خەلکی کوفە بە خەلیفەی موسلمانان دەناسرا،بەڵام معاویەش لە شام وازی لەداواکاریەکەی خۆی نەهێنابوو،پاش ئەوەی بۆ ماوەی پێنج مانگ و نیو حەسەن خەلافەتی کرد،لە ئەنجام دا حەسەن بەناچاری لە41ک بۆ معاویە دەستی لەم پۆستە کشاندەوە،بەو مەرجەی کە مرد خەلافەتەکە بگەڕێنتەوە بۆ ئەو،[21]بەڵام معاویە لە پاداشتی ئەمە و لە تەماحی کورسی خەلافەت حەسەنی ژەهر خوارد کرد،ئەمە ژیانی سیاسی و سەڕاستی ئەسحابەکان بووە لە  سی ساڵی یەکەمی دوای کۆچی پێغەمبەری موسڵمانان.

لە ڕۆژگاری حوسێنی براشیدا پرۆسەی شورا بوونی نەبووە،چونکە حوسێنیش باوەڕی بەم ڕێکەوتنەی نێوان معاویە و حەسەن هەبووە،(حوسێن)تا مردنی

(معاويە)پابەندی بەندەکانی ئاشتبوونەوەکەی نێوان بنەماڵەی هاشمی و بەنی ئومەییە بووە،لە دوای مردنی(حەسەن)یش کاتێ شیعەکانی کوفە بۆ تۆڵە دنەی حوسێنیان داوە هاندانەکەیان کاری لێنەکردوە،تا ئەو کاتەی معاویە کورسی خەلافەتی کردە دیاری بۆ یەزیدی کوڕی،بەمەش حوسەین ڕەوایی شەڕی دەسەڵاتی لە دژی(یەزیدی کوڕی معاویە)ڕاگەیاند.لە مەککەوە هاتە عێراق و لە واقیعەی کەربەلا لە ساڵی 61 ک/680ز لە ململانێیەکی خوێناوی کوژرا،[22]ئەمەش دەست پێکردنی قۆناغی دووەمی شەڕی دەسەڵات بووە لە نێوان موسڵمان-موسڵمان (ئەسحابە/ ئەسحابە)، بەمەش قۆناغی پاوانکردنی دەسەڵات لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئیسلامەوە بەڕەسمی ڕاگەێنرا،لێرەوە قۆناغێکی بەمیرات کردنی حاکمیەت وەک شێوازێکی تازە بەڕەسمی و ئاشکرا لە نێو موسڵمانان بوو بە پیشە و ببڕای ببڕا نەباس لە شورا کراوە و نە ڕووش لەکەس نرا بۆ شورا.کوژرانی حوسەین و دەسەڵاتە بە میراتیەکەی(یەزید)سەرەتایەکی خوێناوی بوو لە ناو ئیسلام کە بە خوێنی هیچ(**مەسیح ومەهدیەک**)کۆتایی نەیەت.

ڕاستە معاویە دەسەڵاتی بۆ خۆی و نەوەکانی قورغکرد،بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە عەلی و حەسەن و حوسێنیش لەو باشتر بوونە،وەک دیارە ئەوانیش بۆ مسۆگرکردنی پۆستی خەلافەت بۆ خۆیان درێغیان لە شەڕ و کوشتاری موسڵمانان نەکردۆتەوە.لە ڕۆژگاری ئەمەویەکاندا ئەم ئیستبدایەت و خۆسەپاندنە لەلایەن زانایانی ئاینی سونەوە پاساوی شەرعی و ئیلتزامی خوداوەندیان بۆ هەڵبەستراوە، وەک ئیبن ئەلکەسیر لە (البدايە والنهايە) دەڵێ:"**بە گوێرەی ڕاسترین ووتەی زانایان ئەگەر ئیمام فاسق بوو ئەوە ئەم هۆیە بەتەنها نابێتە هۆی لادانی. بەڵکو نابێت لە فەرمایشتەکانی دەربچن نەوەک لەمە فتنە بکەوێتەوە و ببێتە هۆی ڕژانی خوینی حەرام ودزینی سامان**..."[23]یەکی ڕاستەوخۆش بووە بۆ شەری ئیسلام-ئیسلام بە بیانووی ئەوەی گوایە ئەوان دروستترین باڵی ئیسلامن.زاناکان لە پێناوی مانەوەی دەسەڵاتی خەلیفەو بەرگریان لەم جۆرە ڕژێمە،تا ئەو ڕادەیە بێدەگ بوونە کاتێ کە(الحصين بن نمير)لە پێناوی دەسەڵاتی سیاسی(یەزید)قەتلوعامی موسڵمانانی مەککەو مەدینەی کردوە، بەوەش نەوەستاوە بەڵکو بە مەنجەنیق کەعبەی ڕوخاندوە و سوتاندوە و هەتکی ئافرەتەکانیشی کردوە،وەک هەندێ لە مێژوو نووسانی ئیسلام دەڵێن:"لەو ڕۆژگارە زۆربەی خەڵکەکە گوومانیان لە کچێنی کچەکانیان هەبوو."هەروەها لە دوای کوژرانی عەلیش ئەمەویەکان لەخوتبەکانیانی ڕۆژی هەینیدا دانیان بە خەلافەتی عەلیش نەدەنا وەک خەلیفەی چوارەمین تا ئیمامی حەنەفی بە ململانەیەکی زۆر لە کۆتای دەسەڵاتی ئەمەویەکان ئەمەی سەلماند.[24]هەروەها لەمەشەوە بەدیار دەکەوێ کە لەدوای فارابی(لە 339ک مردووە) هیچ بەشداریەکی جیدی لە بواری گەشەپێدانی فەلسەفەی سیاسی لەلایەن زانا ئیسلامیەکانەوە

بەرچاوناکەوێ سەرباری زۆری بەرهەمە فەلەسەفەکانیان.[25]کەچی بەبیانووی لانەدان لە دین وبلاوبوونەوەی فسق زانایانی ئاینی ئیسلام چاوپۆشیان لە گەورەترین تاوان و فسقی دەسەڵاتداران کردوە،بەمەش لە جیاتی فیکر گەشەبکات بە پێچەوانەوە سەرەتایەکی ترسناک بوو بۆ چەقبەستنی و چرکردنەوەی فکر لە دەوری (ئیمامەتی ئیلاهی)و(خەلافەتی ئیلاهی)و بە (کافر) کردنی یەکتری.قۆناغی خەلافەتی ویراسی و بەئاشکرا لادانی دەسەڵاتداران لە بنەما هەرە سەرەتاکانی ئیسلام کە هەر پێنج واجبە رۆتینیەکانە هەست پێدەکرێت.[26]

**یەئسی شیعە و زوڵمی سونە:**

ڕابەرانی شیعە بەدرێژایی مێژوو چەندین جار لە بواری دەسەڵاتی سیاسی تووشی شکەست هاتوون،سەلبی ترینیان ئەوشکەستە بوو کە لە دوای 874ز باوەڕیان بەتیۆری دوازدە ئیمامی(ئیمامی مەهدی مونتەزیر) هێنا،ڕابەرایەتی و دەسەلاتی سیاسیشیان بە پاوانکرانی ئەم پۆستە تەنها بۆ ئیمامی مەعسومی غائیب لە خەلکانی ئاسیی حەرام کرد[27]،بەم تیۆرە نوێیەی حاکمیەت پرۆسەی شورا لای شیعەکان بۆ بازنەیەکی زۆر بەرتەسکتر لەوەی سوونەکان تەکانی پێدرا،چونکە فقەهیەکانی شیعە لەڕێگای ئەم تیۆرەوە(بەتایبەتی لە دوای غەیبەی بچووک بە گشتی وغەیبەی گەورە بەتایبەتی)نەک هەر رێگایان لەبەردەم دەستنیشانکردنی ئیمام/خەلیفە لەلایەن خەڵکەوە حەرامکرد،بەڵکو لەم رۆژگارە بەدواوە تا ئێساشی لەگەل دابێ زانائاینی و ناوەندە دینیەکانیان بوون بە جەلاد و ڕێگری ئەو شیعە مەحرومانەی باوەڕیان بە دامەزراندی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی هەبووە.لە دوای غەیبەی گەورە مەرجەعەکانی شیعەی دوانزە ئیمامی هەمیشە کێشەیان لەسەر ئەم پۆستە هەبووە و سەدا سەد تەئیدی هیچ دەوڵەتێکی شیعەیان نەکردوە،چوونکە بە بڕوای ئەوان دەبووا ئیمامێکی مەعسوم ببێتە حاکمی سیاسی ووڵات،ئەمەش وایکرد لەسەر مەسەلەی ئەوەی کێ(خاوەنایەتی شەرعی شیری پێغەمبەر)ە کەوتنە ململانێیەکی خوێناوی یەکتری و سونەکان.لە سەر مەسەلەی تۆڵەکردنەوە یان نەکردنەوەی خوێنی حوسەینیش بوونە چەندین دەستەی جیاجیا.بەمەش ڕێگا بۆ تیۆری (کیسانیەت)خۆش بوو،کە زۆر زیادەڕۆی تیا کرا تا ئەو ڕادەی فتوای کافربوونی ئەهلی جەمەل و سەفەینیان دەرکرد،هەروەها هەر کەسێ باوەڕی بەوە هەبووایە کە بەر لە عەلی خەلیفەی تر هەبووە ئەویشیان بەکافر دادەنا.[28]بەمەش شیعە لەیەکتری کەوتنە تەقە و یەکرێزی خۆیان بەتەواوەتی لەدەستدا و ڕێگاشیان بۆ زانا سونەکان خۆشکرد تا زیاتر ڕشتبن لە بەرگریکردن لە دەسەڵات و خەلافەتی سونە،هەموو شیعەیەکیش بە ڕافزی لە قەلەم بدەن.بەمەش فکری سیاسی ئیسلام لەسەدەی سێیەمی کۆچی بە تەواوی لە بازنەی

به كافركردنی(ئیسلام-ئیسلام) و(موسلمان-موسلمان) دەخولایەوە و تا ئێستاش ئەم كاریگەریەی خۆی لەدەست نەداوە.

**كورسی بەغدا و شیری سەفاح و ملی سونە و شیعە:**

بە هۆی پارچە پارچەیی ڕابەرایەتی شیعە و كاری نهێنیان(تەقییە)،لەساڵی 132ك عەباسیەكان توانیان لە ژێر دروشم و ناوی بنەماڵەی(محمد)دەسەلاتی سیاسی بگرنەدەست[29] ئەگەرچی نە(محمد ذو النفس الذكیة)و نە ئەو خەلكانەی لایەنگری بنەماڵەی (عەلی) بوون ئەم پۆستەیان بە(ئەبو عەباس سەفاح)و بنەماڵەكەی ڕەوا نەدەدبینی،(ئەبوجەعفەر ئەل مەنسوڕ)لەوەلامی ئەوانەدا ووتی:"**خوا دەفەرموێ** : **ماكان محمد ابا احد من رجالكم.لەبەرئەوەی ئێوە مناڵی كچەكەینە لە خزمایەتیدا نزیكایەتیتان هەیە،بەلاَم ناتوانن میرات وەربگرن و ببن بە جێنشینی**."[30] بەمەش مەسەلەی شورا كە لەلایەن ئیسلامیەكان پڕوپاگاندەی بۆدەكرێ لەم قۆناغەش هەستی پێناكرێ و بەپێچەوانەوە مەسەلەی نەسەب و خوێن ڕەگی لەناو كۆمەڵگا و كەلتوور و فكری سیاسی وعەقائیدی سوونەو شیعە قووڵكردەوە،هیچ لایەنێكیان گرنگیان بە شورا نەداوە،وەك ئەوە دێتە بەرچاو كە قورئان لەم قۆناغە ئایەتی لەو بابەتەی تیادا نیە!!!.عەرەبە ئیسلامەكان لە گەل فراوانبوونی دەسەلاتی سیاسیان بە كاریگەری كەلتوور و داب ونەریتی عەرەبی بەر لە ئیسلام و ئایەت و سوونەت و خزمایەتی محمد، كەلتورێكی حوكمی تاكڕەوی پڕ لە زوڵم و زۆری وایان دروست كرد،كە موسلمانان تا ئەمڕۆش بە شێوەیەكی كۆسمۆپۆلیتی بەرگری لە چەوسێنەرانی خۆیان دەكەن و چێژیش لەو ئازارە وەردەگرن و شانازیش بەو موستەبدیەو موستەبدانە دەكەن.

**پاشاگەردانی یان ئازاد بوون لە زوڵمی خەلیفەی ئیسلام:**

لە دوای روخانی ئەمەویەكانیش جارێكی تر ئەوە سەلماندرایەوە كە سەرجەم ئەوانەی خۆیان بۆ پۆستی ڕابەری و خەلافەت(لە سونە و شیعەكان)دانابوو باوەڕیان بە شورا نەبووە و نەمابوو. بەشكەستی ئەمەویەكان(لە شام) و (زو نەفس ئەلزەكیە)ی ڕابەری شیعەكان لە مەككە لە سەردەستی عەباسیەكان.فڕوفێل و زوڵمی ئەو حوكمە نوێیەی عەباسیەكان وایكرد كۆمەڵێك شۆرش و دەولەتی بچووك بچووكی سەربەخۆی بەدرێژای كۆنە ئیمراتۆریەتی ئەمەوی سەرهەڵ بدا. لە سەرەتای فتوحاتی ئیسلامیەوە تا هاتنی عەباسیەكان (مەغریب)و (ئەندەلووس) سەر بە دیمەشق(ئەمەویەكان)بوون،بەلاَم لەگەل هاتنی عەباسیەكان لەم دوو ناوچەیە چەندین دەولەت و خەلافەتی دژ بە بەغدا(عەباسیەكان)دروستبوون، ئەمانە چەند نموونەیەكن لە سەر پارچە پارچەی دەوڵەتی ئیسلامی و ناكۆیە سیاسی وعەقائیدیەكان ئەو رۆژگارە:**خەلافەتی خەوارج** كە دوو دەولەتیان هەبوو (**دەولەتی بەنی مەدرار**) لە 140ك/757ز لە ناوچەی سەجلماسە دامەزرابوو،لە

349ک/960ز لەلایەن سەرکردەی دەولەتی فاتمی شیعیەوە جەوهەر سقیلی کۆتایی پێهات.ئەویتریان(**دەولەتی رۆستەمی ئەبازی**)بوو لە 144ک/761ز لە مەغربی ناوەڕاست دامەزرا بوو.لەساڵی296ک/909ز لەلایەن فاتمیەکانەوە کۆتایی پێهات.لە جیرانی ئەم دوو دەولەتەش دەولەتێکی تر بەناوی(**دەولەتی ئەشراف ئەدارسە**) کە شیعەی عەلەوی حوسەینی بوون لە172ک/788ز پایەختەکەی شاری فاس بوو.(**دەولەتی ئەغالبە**) لە 184ک/800ز لە تونسی ئێستا لە لایەن عەباسیەکانەوە بۆ پاراستنی سنووری رۆژئاوای عەباسیەکان لە خەلافەتی خەوارجەکان دامەزرابوو،کەچی پاش ماوەیەک ئەویش لە بەغدا هەڵگەڕایەوە.(**خەلافەتی فاتمیەکان**) لە 296ک/909ز لە مەغریب.قۆناغی دووەمی(**خەلافەتی فاتمیەکان**)لە969-1171ز لە میسر،ئەم دەوڵەتە تا هاتنی ئەیوبیەکان بۆ میسر بەردەوامبوو.(**خەلافەتی ئەمەویەکان لە ئەندەلووس**) لە 316-422ک/929-1031ز دەولەتێکی سونە بوو[31].لە باشووری عیراقیش (**دەولەتی ئال بویهی**)شیعە لە(935-1055ز) دامەزرا و سەر بە بەغدا نەبووە،مەرجەعیەتی شیعە بە هۆی تیۆری ئیمامەتەوە دانی بەو دەوڵەتە شیعەیە نەهێنا بوو.[32]لە868 - 1077ز دەولەتی(**قەرامتە شیعەکان**) لە بەحرەین.ئەمانە و چەندین دەسەڵاتی دیفاکتۆ یان لامەرکەزی یان یاخی لە پایەختی ئیسلام وەک(**سامانی**،**بەرمەکی**، **غەزنەوی**، **سەلجوقی**،**ئەلمرابتیە**،**ئەتابەگیی**،**ئەیوبی**...**هتد**).ئەمان بێ هیچ یەک و دوو کردنێک دەمانخاتە سەر ئەو رایە کە بڵێین:لەم قۆناغانەدا موسلمانەکان نە دەوڵەتێکی بەهێزی ویەکگرتوو یان یەک ئاینیی یەکگرتوویان هەبووە وەک ئەوەی پێغەمبەر دەیووت:"**نابێ لە جەزیرەی عەرەب دوو دین هەبێ**."[33] واتە دەبێ قەومیەتی عەرەب و ئیسلام ئاوێتەی یەکبن، کەچیبەلانی کەم لەم قۆناغانەدا ئەمەش بەرچاو ناکەوێ.

**نموونەی شورا و حوکمی ئیسلامی غەیرە عەرب**:

دروست بوونی دەولەتی **سەفەوی شیعە** مەزهەب لە ئێران و بوونی **ئیمپراتۆریەتی عوسمانی** سونە مەزهەب لە ئاسیای بچووک.ململانێی چەکداری و سیاسی نێوان ئەم دوو ئیمپراتۆرە غەیرە عەرەبە ئەوەندە خوێناوی بووە،دەکرێ بڵێین مێژووی ئەو رۆژگارەی موسلمانان زیاتر مێژووی چڕ بوونەوەی شەڕ(غەزای)ی نێوان شیعە و سونە یان ولایەت و ئیماراتە وەکیلەکانی ئەم دوو دەوڵەتە ئیسلامیەنە.لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ لەم رۆژگارەدا جگە لەوەی دوو ناوەندی بڕیاری سیاسی ئیسلامی هەبووە، چەندین مەرکەزی سێبەری دەسەلات،دیفاکتۆ یان یاخیبووش لە پاڵ ئەوانە بەرچاو دەکەون. لەم رۆژگارەدا سەرجەم شا و سوڵتانەکان لە پێناو مانەوەی خۆیان و زامنکردنی دەسەڵات بۆنەوەکانیان درێغیان لە کوشتنی برا و خانەوادەکانیشیان نەکردوە.لەم رۆژگارە ئیماراتەکانی نەتەوە ژێردەستەکان چاکترین و بەرچاوترین وەرەقەی یاریە خوێناویەکانی نێوان ئەم دوو ئیمپراتۆریەتە بوونە،کاریگەریە سلبیەکانی ئەم یاریانەش تا ئێستاش لەسەر

ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ومیللەتەکانی و دەوروبەرەکەی بەرچاوە.ئەم ڕاستیە ئەوەمان بۆ دەردەخات:

*کێشەکانی ناوچەکە پاشماوەی فکری شۆفینیانە و حوکمی ڕەگەزپەرستی و ئیستبدای حاکمە ئیسلامیەکانی پێشوو بووە.

*شورا لە کەلتووری سیاسی حاکمی عەرەبی ئیسلامی و عەجەمی ئیسلامی(شیعە و سوونە) بوونی نەبووە،هیچ کاتێکیش ئەو کۆمەڵگایەی ئەوان حوکمیان کردوە دەرسی وایان نەدراوە.

*شێوازی حوکمی هەردوو ئیمیراتۆریەتەکەی ئیسلامی ئەوسا ئەوە دەسەلمێنن کە سەرکردە و خەلیفە (عەجەم)ەکانیش وەک سەرکردە عەرەبە ڕەگەزپەرستەکان باوەڕیان بە شورا نەبووە،هەر ئەمەش وەلامێکە بۆ ئەو ناوەندە ئیسلامیانەی پاکانە دەهێنە بەوەی کە دەڵێن:سەرکردە عەرەبە موسڵمانە ئەمەوی و عەباسیەکان ڕەگەزپەرستەکان بەهۆی داب و نەڕیتی عەرەبی و کێشەی خوێنەوە نەیان توانیوە دەستوری شوڕا لە ژیانی سیاسی پەیڕەو بکەن .

**نمونە هاوچەرخەکانی شوڕای ئیسلامی:**

**کۆماری ئیسلامی ئێران:**

مەراجعەکان و ڕابەرانی شیعە هەر لە دوای مردنی (حوسەین) گەیشتنە ئەو قناعەتە ڕەهایە کە دەبێ جیهان خالی نەبێ لە ئیمامێکی مەعسوم وئیمامێکی ڕەبانی،ئەم ئیمامە مەعسومەش کە مرد دەبێ ئیمامیکی مەعسومی ڕەبانی لە دوای خۆی دەستنیشان بکات.مردنی ئیمام(ئیسماعیل جەعفەری ئەلسادق)بە منالی(کە دەستنیشان کرابوو بۆ جێگرتنەوەی پۆستی ئیمامەتی باوکی)بەر لە مردنی باوکی کێشەی(ئەلبەدای)یەکەمی دروستکرد،بەمەش قۆناغی غەیبەی بچووک دەست پێدەکات.ئەمەش بووە هۆی هەڵگەڕانەوەی شیعە ئیسماعیلیەکان لە ئیمامەکانی داهاتوو،ئیسماعیلیەکان دەڵێن:چۆن ئیمام هەڵەی وادەکات کە کەسێ دەستنیشان بکات بە ئیمامی زەمان و نەزانێ بەر لە خۆی دەمرێ.کێشەی ئەلبەدائی دووەمیش بەهۆی مردنی ئیمامی یانزەهەم (حەسەنی عەسکەری) لە ساڵی260ک بەوجاغ کوێری و نەبوونی وەلی عەهدێکی نێرینە بۆ پڕکردنەوەی شوێنەکەی ئیمامی ناوبراو دروست بوو.34 ئەم ڕووداوە وای لەسوفەرا و نەوابەکانی ئیمامی ناوبراو کرد بۆ پاراستنی پایە و داهاتەکانیان (کۆکردنەوەی حەقی شەرعی لە خومس و زەکات)بیرۆکەی ئەوە بلاوبکەنەوە گوایە ئیمام کوڕێکی هەیە ناوی(محمد)ە بەنهێنی لە دایکبووە،بەلام عەسکەری لەترسی جەور و ستەمی عەباسیەکان نەوێراوە ئاشکرایبکات و شاردویەتیەوە،پاشانیش غەیب بووە.

غەیب بوونی ئیمامی دوازدەهەم(ئیمام مەهدی)بوو بە بنەمایەک بۆ دامەزراندنی مەزهەبی شیعە دوانزە ئیمامیەکان،لێرەوە شیعە دوانزە ئیمامیەکان لە چاوەڕوانی

ئەو ئیمامەن(واتە ئیمامی دوانزەهەمین کە بە محمد مەهدی یان ئیمامی زەمان ناسراوە)بێت و دنیا پڕکات لە عەدالەت و ئارامی.بەبڕوای شیعەگەری مەعسومیەت (پاکی لە گووناه) ستوونی لەخواوە بۆ پێغەمبەر و لەوەوە بۆ عەلی و نەوەکانی دیاریکراوە،بەمەش پشتاوپشت مەعسومیەت ستوونی لە ئیمامێکەوە بۆ ئیمامێکی تر مسۆگەردەبێ،بۆیە لە دوای حەسەن عەسکەری بۆ کەس نیە ببێ بە ئیمام جگە لە (مەهدی مونتەزیر).

تیۆری چاوەڕوانی وایکرد کاری ڕۆژانەی شیعەکان ئاڵۆزبێ،چونکە بەنەبوونی ئیمامی مەعسوم خومس،ئەنفال،ڕابەرایەتی غەزا،زەکات وەرگرتن،حەد دەرکردن و پێش نوێژیکردنی نوێژی هەینی لە مووسلمانانی تر حەرامە،بەمەش سەرجەم بوارەکانی ژیانی تاکی شیعە قەدەغە و بڤە بوو.[35]مەڕاجع و فقەهیە شیعەکان کەوتنە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی شەرعی تا لەم قەیرانە شەرعی وفکریە ڕزگاریان ببێ و بتوانن کاروباری ڕۆژانەیان ببەن بەڕێوە،هەر لەبەرئەوەش بوو (متەکەلمون)ەکانی شیعە لە ڕۆژگاری بوەیهیەکان دانیان بەم دەولەتە شیعەیە نەهێنا.بەدرێژایی ئەم مێژووە شیعەکان لە چاوەروانی مەهدی بوون تا لە ساڵی (1501ز) ئیمامی(ئەلکەرکی)پشتیوانی لەدەولەتی سەفەوی کرد،توانی وەکالەتی حوکمی ئیلاهی بدات بە(شا تەهمەسابی کوڕی ئیسماعیلی سەفەوی) بەناوی(نائب الامام:الفقیە العادل)،بەمەش(نیابەتی تایبەتی)کە پێشتر تەنها بۆ سوفەرا و نائیبەکانی ئیمام بوو بە(نیابەتی گشتی)گۆڕی.ئەلکەرکی توانی گەورەترین گۆڕانکاری لەم تیۆرەی ئیمامەت بکات،بەوەی دەسەلاتی خوا لەڕێگای ئیمامەکان و فقەهیەکانی شیعە بپارێزرێ و ئەم دەسەلاتەش مبارەک بایی لەدەسەلاتی شاهانەی مرۆ بکات[36](تا ئەو کاتە نەک ڕابەر و ئیمام (بەشورا!) بەڵکو بۆ جەماوەری شیعە نەبووە پێشنوێژکەری هەینیشیان هەبێ!).ئەمە بە یەکەم دانوساندنی عەقیدەی شیعە دوازدەئیمامیەکان دادەنرێ سەبارەت بە تیۆری حاکمیەت،بەمەش تا ئەندازەیەک گۆرانکاری گرنگیان لە عەقلی چەقبەستووی شیعەگەری دروستکرد. ململانێی نێوان(ئەل ئەخباریون و ئەل ئسولین)لەسەر مەسەلەی دەوڵەتی سەفەوی، کە ململانێی نێوان (محافزکارەکان و نوێخوازەکان) یان بەواتایەکی کە ململانێی نێوان وابەستەکان بەتیۆری دەق و چاوەڕوانی مەهدی و مەعسومیەتی ئیمام و هێلی ڕزگاریخواز لەدەست ئەومەرجانە بوو.بەسەرکەوتنی لایەنگرانی دامەزراندی دەولەتی سەفەوی بەسەر (ئسولیەکان) گۆڕانکاریەکی مەزن لەفکری سیاسی شیعی دروست بوو.ئەم وەرچەرخانە ڕێگای لەبەردەم زانایانی شیعە خۆشکردن تا لە ساڵی1891ز وەرچەرخانێکی تر لە فکری سیاسی شیعی ڕوویدات.بەمەش بزوتنەوەیەکی فکری دیموکراتیخواز لەناو شیعەدا سەری هەڵدا،پاش ئەو ململانێیە توندەی نێوان لایەنگرانی(مەشروتە) و(موستەبدین)،لایەنگرانی (ئەنجومەنی شورای

ئیسلامی و پەرلەمانی ئازاد) لە 1906ز یەکەم پەرلەمان و دەستوریان لە ئێران دانا، بەم سەرکەوتنە زانائاینیە شیعەکان ئەم تیۆرە کۆنەیان کۆتاییپێهێنا کە نوێنەرانی ئیمامی مەهدی(فقەهیەکان)مۆڵەتی گشتی بدەن بە ملوک(ئامرازی هێز)،ئەوانیش دان بەدەسەڵاتی زانایانی ئاینی بهێنن. [37]

لێرەدا گرنگی حەوزەی علیمی و مەراجعەکانی شیعەمان بۆ دەردەکەوێ،هەروەها ئەوەشمان بۆ روون دەبێتەوە کە چۆن لە دوای دەسەلاتی( سەفەوی-مەرجەع)ەکان بەدواوە ئەم گرنگیە سەبر سەبرە رووی لە زیاد بوون بووە،تا لە شۆرشی تووتنی 1891ز-ی ئێران ئەم کاریگەریە گەیشتە ئاستێکی زۆر بەرز لە ئەنجامدا لە ساڵی 1906بەسەرکەوتنی لایەنگرانی(دەسەڵاتی شاهانەی دەستوری) کە بە(مەشروتە) ناسراوە کۆتایی پێهات،ئەگەرچی ئەم سەرکەوتنە بەهۆی شەڕی یەکەمی جیهان و هاتنە ژوورەوەی سوپایی روسیا و هاتنە سەرحوکمی(رەزاشای پەهلەوی) درێژەی نەکێشا.[38] چونکە ئەم زاتە هێرشێکی زۆر توندی کردە سەر زانایانی ئاینی و بۆ بە شەرعیەتکردنی دەسەڵاتەکەشی هیچ گرنگیەکی بە ئۆکەی شەرعیەتی ئاینی(حەوزە) نەدا،بەمەش نارەزایی زانایانی ئاینی لە دژیدا گەیشتە لووتکە.بەڵام ئەم نارەزاییە نەیتوانی لەساڵی1947رێگا لە گەراندنەوەی رژێمێکی شمولی شاهانە(واتە هاتنە سەرحوکمی محمد رەزا شا لە جیاتی باوکی)بگرێ،چونکە رۆلی زاناینی حەوزە بەهۆی ململانێی ناوخۆییان لاوازبوو،بەتایبەتی پاش ئەوەی کە ئایەتولاّ کاشانی دژایەتی بەرەی نیشتمانی واتە لەگەل موسەدەق لە ساڵی 1953 راگەیاند،بەمەش ئەزمونەکەی موسەدەق بە لەدەستدانی پشتیوانی حەوزە کۆتایی پێهات[39].لە1963(ئیمام خومەینی)لەدژی(محمد رەزا شا)راپەری،بەلاّم بەشکەست و دوورخرانەوەی خومەینی کۆتایهات.

خومەینی توانی گەشە بە بیرۆکەی خۆی بدات و لە ئەنجامدا توانی کۆبەندیەک لە نێوان تیۆری(النيابه العامه للفقهاء عن الامام المهدى) و تیۆری(ولایەتی فقەهی) بکات،توانی فکری سیاسی شیعە لە قۆناغی رێگادان بە فقەهیەکان بە مەلیکەکان کەبەناوی ئەوان و وەکالەتی ئەوان حوکم بکەن گۆری بۆ قۆناغێکی تازە کە خۆیان فقەهیەکان راستەوخۆ حوکم بکەن،وانەکانی خومەینی لە1969بنەمای بیرۆکەی دامەزراندنی (کۆماری ئیسلامی ئێران) بوو لە 1979 .[40]

ئەگەرچی لە سەرەتا بە شێوەیەکی رەها خومەینی رەخنەی لە تیۆری چاوەروانی گرت،بەلاّم دواتر کە دەسەلاّتی سیاسی لە دەستی زانایانی ئاینی لە ئێران جێگیربوو،هەولێدا لە رێگای بەلّگەکانیەوە ویلایەتی فقەهی بکات بەولایەتێکی ئاینی ئیلاهی ودەلّێ:**"ئەگەر بۆ دامەزراندنی حکومەت فقەهیەکی زانای عادل دەست بەکار بوو ئەوە ئەوەی لە سەر کۆمەلّ بووە بەرامبەر بە نەبی(د.خ)لە سەریانە بۆ ئەویش ئەنجامی بدەن،ئەم حاکمە خاوەنی فەرمانی ئیداری و بەرێوەبردن وسیاسەتی خەلّکە وەک ئەوەی رەسول(د.خ) و**

**ئەمیر موئمنین(ڕ) هەیبووە لەو فەزائیل و پایە تایبەتیانەی کە ڕەسول(د.خ)و ئیمام(ڕ)بەهرەدار بوونەلێی..**"[41]خومەینی توانی نەک هەر ئیمامەکان لەگوناھ مەعسومبکا،بەڵکو فقەهیەکانیشی خستە ئاستی مەعسومەکان،وایکرد سەرپێچی لە بڕیارەکانیان کوفر و تاوان بێ.خومەینی باری موسڵمانانی گرانتر کردووە،بەوەی کە سنووری ئازادی موسڵمان لە قەلەمڕەوی فەرمانەکانی ئیمام (ڕابەر)نابێ تێپەڕبکات.لە مەوە بۆمان دەردەکەوێ کە خومەینیش بەو هەموو هەوڵانەی نەیتوانیووە تیۆری ئینتیزار و مەعسومیەت ڕەتبکاتەوە.تەنها شتێ کە خومەینی ئەنجامیداوە دەسەلاّتی سیاسی لە (شا) وەرگرتۆتەوە داویەتی بە(پیاوانی ئاینی).مەغدوریەتی مێژووی شیعەو مەحڕومیەت و ئازارەکانیان چەندی لە ئەستۆی موستەبدین و دەسەلاّتدارانی سونە بووە ئەوەندەشی لە ئەستۆی تیۆری چاوەڕوانی و مەڕجەعە شیعەکان دایە.

ئەم نموونەیەی حوکمی ئیسلامی لە ئێران لەڕووی دەستوریی و لایەنی شەرعیەوە رووبەڕووی کۆمەڵێ پرسیار بۆتەوە،ڕاست نیە بە تایبەتی ئەگەر بەراورد لە نێوان ولایەتی فقەهی و دیموکراتیەت بکەین،ئەگەر هاتوو ئەوەمان لەبەرچاوگرت دیموکراتیەت یانی تەعەدودیەتی فکر،پشت بە دەق بەستن بۆ دیارکردنی حاکم و دەسەلاّتەکان(بەوەی فقەهی هەڵسووڕێنەری ڕەهایە)بەوەی میراتگری ئەو دەسەلاّتە ئیلاهیەیە،بەمەش حوکم تەنها لە دەستی فقەهیەکان چڕدەبێتەوە،ئەم ڕێسایە فقەهیەکان دەکاتە چینێکی سودمەند و نزیک دەبنەوە لە حوکمی (ثيوقراطي)، بەمەش فقەهی بەناوی خوا قسەدەکات و ناتوانرێ گفتوگۆ دژبە قسەکانی بکرێ.[42]

ئەمە نمونەی حوکمی شورای ئیسلامی رۆژگاری(خومەینی) و (خامەنەئی)ە.نمونەی ئێران لەگەل خودی خۆیدا تووشی ناکۆکی هاتۆتەوە،چونکە دەسەلاّتی دەستوری ولاّت و دەسەلاّتی فقەهی لە زۆر کاتدا دەکەونە سەنگەر لەیەکتری.لە دوای داڕشتنی دەستورێکی ئیسلامی لە ئێران وەلی فقەهی لە سەروی دەستور و قانونە،تەنها بە ئیسلام وابەستەیە بەمەش هەمووشت بۆ وەلی فقەهی دەگەڕێتەوە، قانون کاراکتەری جێگری خۆی لە دەستدەدا و شێوەیەکی لاستیکیی وەردەگرێ و بەپێی مەزاجی وەلی فقەهی هەڵسوکەوتی لەگەل دەکرێ و ڕۆلی سیاسی میللەت نامێنێ،چونکە لەگەل فقەهیەک هەڵسوکەوت دەکات کە لەلایەن خواوە دانراوە و هەموو کارێکی موقەدەسە.ولایەتی فقەهی قانونێکی دانەوە کە لە سەر ئاستی ئاینیش بەرپرسیاردەبێتەوە بەوەی چۆن دەبێ مرۆڤێ لەسەروی دەستور وقانون بێ.قانونێک هەیە بۆ پیاوانی ئاینی خەڵکی پێ محاسەبە بکەن،بەلاّم بۆ ئەوانی ترئەم قانونە بوونی نیە.ولایەتی فقەهی لە ئاکامی سەپاندنی بەها/مانا ئاینیەکان بەسەر بەها/مانا سیاسیەکان،جیانەکردنەوەی ئالیەتیی ئیجتهاد لە ئالیەتی فکری

سیاسی،پاشانیش جیانەکردنەوەی شتە مێژووییەکان و عەقائیدیەکان.پاوانکردنی ئازادیە گشتیەکان بەهۆی جیانەکرانەوەی دین لە دەولەت تەنانەت ڕێگا بۆ بزووتنەوەکانی وەک مەهدیەتیش خۆشبووە لە ناو خودی ئێران کە زۆر بەتووندی دژی ئەم سیستەمە بوەستنەوە و داوای ئەوە بکەن کە دین و سیاسەت لەیەک جیابکرێتەوە چونکە سیاسەت دین فەساد دەکات.43

(محمد خاتەمی)ش مەشەهدێکی ترە لە ترۆپکەی هەرەمی دەسەلاّت ئەم کۆمارە خواییە کەوا زۆر بە هێمنانە فەشەل و ناواقیعی ئەو بیردۆزە دەسەلمێنێ کە دەڵێ:ئیسلام چاکترین حەلی سحریە بۆ سەرجەم کێشە مرۆڤایەتیەکان. خاتەمی شەرە (**شلە تێن**)ەکەی لە بواری فکری و سیاسیەوە بە ناوی (کۆماریەتی ئیسلامی ئێران) لە دژی(محافیزکارەکان )دەست پێکردوە،لە هەڵبژاردن ووتبووی:"**ئەگەر غەرب ڕووە خراپەکەی فەسادە،بەلاّم ڕووە باشەکەی مەشروتەیە(دەستور)ە،ئەگەر لیبرالیەت مەزهەبیش نەبێ ئەوە داواکاریە،نابێ لەترسی لیبرالیەت ببینە شەریکی فاشیەت،ناتووانین پارێزگاری لە ولایەتی فقەهی بکەین تەنها بە دیموکراتیەت نەبێ**."44

ئەمە پاڵی بە هەندێ کەس نا بڵێ:ئەگەر خومەینی لە توانایدا بووە ئاشتبوونەوە لە نێوان دین و دەوڵەت بکا،ئەوە خاتەمی ئاشتبوونەوە لە نێوان دین و سیستەمی تەعەدودی ڕۆژئاوایی هەروەها دین و ئازادی دەکات،ئەگەر خومەینی درێژ بوونەوەیەکە لە تیۆری نەراقی سەبارەت بە ولایەتی فقەهی ئەوە خاتەمی پردی نێوان بزووتنەوەی مەشروتە و دەستووری (1906)ە.

بەناوباگترین ئەو مەرجەعە شیعانەی کە لە باوەڕیان بە سیستەمی حوکمی ولایەتی فقەهین لە ئێرانێ نیە(چ لە حەوزەی قووم چ لەوەی نەجەف )لەوانە: ئیمامی هاوچەرخی خومەینی **ئەبو ئەلقاسم ئەلخوئی** دەڵێ:"**بەلگەکانی(خومەینی)بۆ ولایەتی فقەهی هێنراونەتەوە قابلی پشت پێبەستن نینە**." ،**ئایەتولاّ عوزما حوسێن عەلی مونتەزیریش** دەڵێ:"**بەڕای من دەبێ خاتەمی بە تواناتربێ و کتابی خوا پەیرەو بکات،دەوڵەت دەبێ حکومەت حوکمی بکات هەروەها دەبێ لەلایەن گەلیش هەلبژێردرابێ چونکە دەستورەکەمان دەڵێ: ئێمە کۆماری ئیسلامین، کاتێ قسەبکەین دەربارەی ولایەتی فقەهی،دەڵێن: ڕێگا نادرێ خەتی سوور ببەزێنرێ لە ڕاستیدا هێڵی سوور تەنها بۆ خوا و نەبی وئیمامی مەعسوم هەیە،جگە بۆ ئەم سێیە خەتی سوور بوونی نیە**." 45 هەروەها **ئایەتولاّ محمد جواد مغنیە** و زۆری تر.

هەرچی لایەنگرانی ولایەتی فقەهیشن خومەینیان گەیاندۆتە ئاستی ئیمامی مەهدی لە سەر بنەمای تیۆری ئاوەڕلێدانەوە(لوتف) بەوەی(مەهدی) لە پشتەوە ڕێنمایی وڕاستکەرەوەی ئیمامە.مەسەلەی ئیمامی مەعسوم و نیمچە مەعسومیەتی وەلی فقەهی لای محافزکارەکانی ئێرانی کاریگەری لەدەستنەداوە زۆر زەحمەتیشە وا بەئاسانی ئەم عەقلیەتە بگۆڕدرێ.مەراجعەکانی حەوزەی علمیش نایانەوێ لەسەر دەسەلاتەکانیان بە گۆڕینی عەقیدەی دوانزە ئیمامی و ڕاستکردنەوەی تیۆری (چاوەڕوانی) سازشبکەن،بەلاّم دەیانەوێ دەسەلاّتی دنیای بدەن بە خەڵک و ئەوەی

ئیلاهیشه لای خۆیان  پارێزراوبێ،سێبەریشبن بەسەر هەرسێ دەسەڵاتەکانەوە، بەمەش کێشە و گرفتە عەقائیدی ومێژوویەکانی شیعەگەری هاوتەریب دەبن لەگەل دیموکراتیەتی تەعەدودی.

لە ئەنجامی کۆمەڵێ ناکۆکی عەقائیدی لە نێوان مەرجەعیەتەکانی حەوزەی نەجەف وقوم ململانێیەکی ئاشکرا هەیە،بە گەڕانەوەی مەرجەعیەت بۆ نەجەف گرنگی قوم نامێنێ بەمەش جارێکی تر ئەم نەجەف وەک مەڵبەندێک دەبێتەوە چەقی شیعەکانی جیهان بۆ سەرجەم بوارەکانی سیاسی وئاینی وفکری شیعەگەری،ئەمەش لە ئایندەدا کاریگەری سلبیی دەبێ بەسەر ژیانی پەرلەمانی وتەعەددەدی لە سەرجەم ئەو وڵاتانەی کەشیعەی تیایە بەتایبەتی لە ناوچەی کەنداو،چونکە بەهێز بوونەوەی ئەم حەوزەیە بەهۆی ئەو قوڵاییە عەرەبیەی هەیەتی کۆمەڵێک کێشەی مەزهەبی و سیاسی لەم وڵاتانە دروستدەکات و توندوتیژی نێوان گروپە جیهادیە ئیسلامیەکان شیعە-سونە زەقتردەکاتەوە وەک ئێستا لە وڵاتانی کەنداو،پاکستان و عیراق هەستی پێدەکەین .

حەوزەی نەجەف بوعدیکی عەرەبی هەیە و ئەوەی قوم  پان ئێرانیزمە،لە ئێران مەرجەعی یەکەمی فتواکان(خامەنەئی)ە،ئەمە گرێدانی مەراجعیەتە بە سیاسەتەوە، ئەم مەیللە لای مەرجەعە نەجەفیەکان بوونی نیە.ئێرانیەکان دەیانەوێ حەقی شەرعی پەیوەستبکەن بەوەلی فقەهی لای نەجەفیەکان  شەرعەن بە ناچاری دەبێ بدرێ بە یەکێ لە مەرجەعە موقەلەدەکان(ئەترافەکان)،ئەم هەوڵەی ئێرانیەکان هەوڵێکی سیاسیە بۆ لێدانی دەسەڵاتی حەوزەی نەجەف.حەوزەی قوم مەسائیلی مەزهەبی  ناوروژێنێ بەناوبانگە بەڕەنگا و ڕەنگی مەزهەبی،بەڵام حەوزەی قوم وانیە،بۆنمونە لە شەستکان نەجەف ملی بۆ  فشاری حکومەتی عیراق نەداوە تا فتوای کوشتنی کوردەکانی بدات،هەرچی حەوزەی قومە(خومەینی)ە کوردستانی بە کوفرستان ناوزەد کردبوو،کوشتنی کوردەکانی حەلالکرد.نەجەف و کەربەلا پیرۆزترین مەزارەکانی شیعەن بۆ حەج کردن گرنگی جارانیان بۆ دەگەڕێتەوە، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ لە سایەی حوکمی ولایەتی فقەهی یان فکری دوانزە ئیمامی ناتوانرێ دیموکراتیەتی حەقیقی و پێکەوە ژیانی سیاسی و مەزهبی مسۆگەر بکرێ،چونکە ئەو حەوزانە تائیستا نەیان توانیووە لەنێو خۆیاندا تەبایی بهێنە ئاراوە چ جای سەرجەم مەزهەب و بیروباوەڕەکانی تر.

**نموونەی حکومەتی سونەی سعودیە و تالیبان ،ئیفرازاتی مێژوو یا شورای شەڕانگێزەکان:**

***تەمەنێکی کورت تەجروبەیەکی خەتەرناک:***

بزووتنەوەی ئیسلامی خوێندکارانی قوتابخانە دینیەکان بە ناوی(تالیبان) یانی فەقێیەکان لە ولایەتی قەندەهاری خواروی ڕۆژئاوای ئەفغانستان  لە سەر سنووری

پاکستان لە1994 لە لایەن ملا محمد عمر مجاهد دامەزراوە.زۆربەی لایەنگرەکانیان سەر بە نەتەوەی پشتۆن کە لە27ملیۆن ئەفغانی نزیکەی لە 38% پێکدەهێنن. بزووتنەوەیەکی سونەی سەر بە مەزهەبی حەنەفین،بەلای ئەوانەوە حوکمی شەرعی یەکڕوی هەیە ناتوانرێ دانوسانی لەسەر بکرێ،راپەڕاندنی هەر فتوا و حوکمێکی شەرعی لای تالیبان واجبە هەتا ئەگەر مەزاهب و ڕای تری ئیسلامیش لەگەل ئەم فتوایە یان حوکمەیان ناکۆک بێ.لایەنگرانی تالیبان بە عینادی وسەرکەشی بەناوبانگن.

هۆکارەکانی سەرهەلدانی تالیبان دەگەڕێتەوە بۆ:جەنگی ناوخۆی،بەرەلایی و بۆشایی ئیداری،فەسادی ئەخلاقی،نەبوونی ئاسایش،دروستبوونی چینێکی زۆر دەولەمەند لەلایە لایەنگری کانتۆنەکانی دەسەلات لە ئەفغانستان،بزوتنەوە ئیسلامی وحکومەتەکانی پاکستان و سعودیە و کەنداو وعێراق هەروەها ململانێی ولاتانی ناوچەکە و ئەمریکا.

ئامانجەکانی تالیبان:دانانی حکومەتیکی ئیسلامی بوو لە نمونەی خەلافەتی ڕاشدین،دەستوری ولات شەرعیەتی ئیسلامە،ڕێگانەدان بە بیرکردنەوە لە مەسەلەی نەتەوایەتی وتوانەوەی سەرجەم گەلانی موسلمان لە چوارچێوەی ئومەتی ئیسلام ئامانجی ستراتیژیان بووە،پێداگرتنیان لەسەر حیجابی شەرعی بۆ ئافرەتان وناچارکردنی ژنان لە هەموو بوارێکدا بۆ ئەوەی ئەم حیجابە بپۆشن،دامەزراندنی (دەستەی نەهی لە مەنکەر و ئەمر بە مەعروف) لە سەرتاپای ولات،ئازادکردنی مەحاکمی شەرعی و بالادەستبوونی بەسەر هەموو ئیداراتی حکومی، دیارکردنی پرۆگرامی ئیسلامی بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن،حوکمکردن بە قورئان و سونەت بۆ/لە چارەسەرکردنی سەرجەم کێشە سیاسیەکانی ناوخۆیی و نێودەولەتی،کۆکردنەوەی و سەرفکردنی زەکات و دەیەک وداهاتە شەرعیەکانی تر،ئەمانە و زۆر ئامانجی تری ئیسلامی ناکۆک بە ژیان و مامەلەکردنی سیاسی،ئابووری...هتد، بەلام ئێمە بەوە ندە کۆتایی پێدەهێنین.

**دامەزراوەکانیان**:ئەمیرلموئمنین:مەلا محمدە دەسەلاتێکی زۆر فراوانی هەیە،لە ئابی1994بووە بەئەمیری تالیبان،لە1996یش لەلایەن 1500زانای ئاینی ئەفغانیەوە مبایەعە کراوە بۆ ئەمیرلموئمنین،مافی شەرعی هەیە نابێ کەس لە فەرمانەکانی دەربچێ،نابێ لە سەر حوکم لا بدرێ تەنها ئەگەر لەئامۆژگاریەکانی دین دەربچێ یان نەیتوانی کاربکات دەنا لەم پایە دەمێنێتەوە تامردن.لێژنەی حاکمی کاتی، لێژنەی شورای ناوەندی بزووتنەوە،لێژنە شورای جیهانی بزوتنەوە،ئەنجومەنی وەزیران،دار لفتوای ناوەندی،ئەنجومەنی شورای ولایەتەکان،سەرکردایەتی سەربازی.سەرەڕای بوونی زۆری ئەنجومەنەکانی شورا،بەلام پرۆسەی بڕیاردان لای تالیبان تەنها بۆ پرسە خەسوانەیە و ئیلزامی نیە،ئەمیرلموئمنین بۆ بڕیارە

گرنگەکان تەنها گوێ لە ڕایەکان دەگرێ،بەلام بۆی هەیە بە قسەیان نەکات، چونکە هەموو دەسەڵاتێکی شەرعی لای ئەو چڕکراوەتەوە.
فکری سیاسی تالیبان لە سەرئەوە دارێژراوە کە بە هەموو شێوەیەک وشەی دیموکراتیەت ڕەتدەکاتەوە،چونکە مافی یاسادانان دەدات بە خەڵک نەک بە خوا، هەر بۆیەش بەلای تالیبان گرنگ نەبوو دەستورێک بۆ وڵات دابڕێژێ لە بەر ئەوەی قورئان و سوونەت دەستورن.ئەم رژێمە بە ڕای بەشی هەرە زۆری ناوەندە مافپەروەرەکان و مرۆدۆستەکان و سیاسیەکانی جیهانی بە ناشرنترین نمونەی ئیسلام-موسڵمان دراوەتە قەلەم.
چڕکردنەوەی دەسەڵات بۆ هەتا هەتایێ لەدەست ئەمیرلموئمنیین،گوێنەدان بە مافی نەتەوەکان،نەبوونی دەستور و حوکمکردنیان تەنها بە شەریعەتی ئیسلام لەبوارە جیاجیاکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەمانای ڕەتکردنەوەی هەموو بنەماکانی تەعەدودی و پێکەوەژیانە،دووبارە بوونەوەی ئەو مێژووە هەڵەیەیە کە پێشتر باسمانکردوون هەر ئەمەش بوو وایکرد تەمەنی رژێمەکەیان زۆر کورت بێ.

**رۆژئاوای بەرژەوەند پەرست ومەترسیدارترین ئیسلام** :
وەک بۆمان دەرکەوت زانایانی شیعە و حەوزە علمیەکانیان خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی وکۆمەلایەتی و ئاینی و دراوی سەربەخۆی خۆیانن،کاری ڕاستەوخۆیان بەسەر ئاراستەی کۆمەڵگای شیعە هەیە،هەستی شۆرشگێری و بەسیاسی بوون لای زانا ئاینیەکانیان شیعە زۆر بەهێزە،مەترسی شیعەگەری لەو خاڵە سەرەکیانەدا بەرجەستەدەبن:لای ئەوان دەسەڵاتی سیاسی دەبێ لە بازنەی فکری شیعە دەرنەچێ و زانا ئاینیەکان دەبێ کۆمەڵگا و دەسەڵات ئاراستەبکەن.
هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەولەتی قاجاریەوە رۆژئاوایەکان هەستیان بەکاریگەری فکری شیعە لە دژی بەرژەوەندیەکانی خۆیان کردووە،هەر بۆیەش لە دوای شۆرشی توتنی ئێران و بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەری حەوزەی علمی(نەجەف وقوم) بۆمان دەردەکەوێ لەو سەروبەندەدا جارێکی تر بە چاوپۆشی و هەندێ جاریش بەهاوکاری رۆژئاوایەکان بزووتنەوە سیاسیە سونیەکان گرنگیان پیدراوە،بەتایبەتی ئەوانەی باوەڕیان بە پەرلەمان و دەستور و دەولەتی ئیسلامی نوێ هەبووە،وەک جەمالەدینی ئەفغانی لە(1838-1897ز) [46] هەمیشە داکۆکیان لە بیری سونەگەری کردووە،لەبەرئەوەشە زلهێزەکانی جیهان هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی(مەزهەبی وەهابی)لە 1802ز لە سعودیە پشتیوانی لێکراوە. وەهابیەکان تاکە هێزی عەرەبی بوونە لە ناوچەی کەنداو کە هاوشان تا هاتنە سەرحوکمی خومەینی لەگەل(محمد رەزاشا)ی ڕۆلی پۆلیسیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی رۆژئاوا پێسپێردرابێ،کە هەردووکیان دووژمنی سەر سەختی

شیعەگەری بوونە.ئەگەر سەیری ئەم ژمارانەی خوارەوە بکەین دواتر چەند راستیەکمان بۆ روون دەبێتەوە:

عیراق 20 ملیۆن،12,5ملیۆن(شیعە)،کویت2,100م،500هەزار(شیعە)،ئیران61م،51 م(شیعە) لوبنان م،1 م(ش)، قەتەڕ 550 هەزار،50 هەزار(ش)،سوریا 14 م،3,5 م(ش)،تورکیا 62 م، 16م+600هەزار کوردی عەلەوی لە ئەلمانیا(ش)، یەمەن13,5م،5 م(ش) سعودیە18 م،3 م(ش)، بەحرەین600 هەزار ،350 هەزار(ش)،ئیمارات.ی.ع 2,2م ،300 هەزار(ش)،ئازەربایجان 7,5م ،5,5 م(ش)، ئەفغانستان18 م،3 م(ش)،هیندستان 920 م ،25 م(ش)، تاجیکستان6م،160 هەزار(ش)،لە بەریتانیا(100)هەزار شیعەی پاکستانی و هیندی،لە فەڕەنسا (100)هەزار شیعەی تورک وئێرانی،لە باکوری ئەفریقا وکینیا و تانزانیا (300) هەزارێک هەنە،سەرجەم شیعەکانی ناوچەی کەنداو سنووریان بەسەریەکەوە هەیە و لە سعودیە بەشی زۆری ناوچە نەوتیەکان شیعە نشینن.[47]

بەهەمان شێوەش هاندانی بزوتنەوەی پەرلەمانی و دەستوری لە ئێران لەلایەن بەریتانیا و ڕوسیا لەرۆژگاری قاجاریەکان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری رۆلی زانایانی ئاینی شیعە و فشارخستنە سەر فەتح عەلی شای قاجاری(1797-1834) بووە،چونکە لەم رۆژگارەدا ئەم پادشایە بەتەوای ریشی کەوتبووە بەر دەستی شێخول ئیسلام.[48]

وڵاتە زلهێزەکانی جیهان هەر لەدوای سەرکەوتنی شورشی ئیسلامی لە ئێران بەشێوەیەکی دووفاقی سودیان لە بزووتنەوە سونیەکان بۆ دژایەتی کردنی ئێران و روسیا وەرگرتووە،ئەمڕۆش ڕوسیا بۆ هەمان مەبەست لەدژی ئەمریکاو دۆستەکانی هاوکاری ئێران دەکات.

بە شێوەیەکی بەرچاو سعودیە و وڵاتانی کەنداو و میسر واتە ئەزهەر کە فاتیکانی موسلمانانە هاوکاری بزوتنەوە ئیسلامیە وەهابی و سونیەکانی ئاسیای ناوەڕاست، ئەفغانستان و پاکستان دەکەن،ئەگەر سەیری فتوا و ڕۆڵی دووفاقی قەتەر بکەین دەبینین زۆر بەزیرەکانە لە رێگای بەکارهێنانی بیریی ئیخوانەوە کەنالی جەزیرەی خستۆتە خزمەت ئەو بەرنامەیە بۆ ئاراستەکردنی شەقامی عەرەبی و ئیسلامی بە ئاراستەی زیندوکردنەوەی بیری عەرەبی ئیسلامی سونەگەرایی.

ئەوەی گرنگە لێرەدا بگوترێ ئەوەیە کە بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی سونی لە ئاکامی چەندین سەدەی زەواجی سیاسی لەگەل دەسەڵاتدارانی سیاسی(خەلیفەکان وسوڵتانەکان) فاکتەری شۆرشگێری خۆی لەدەستداوە،ئەگەرچی هەندێ لە گروپە ئیسلامیە سونەکان هەوڵدەدەن ئەم ڕێچکەیە بشکێنن،بەڵام بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە بۆیان نەچۆتەسەر هەر لە یەکەم هەولی سیاسیان خەونەکانیان

پووچەل کرایەوە،هەر لەبەر ئەم هۆیەشە بزووتنەوە ئیسلامیە سونیەکان کۆنترۆل کردنیان ئاسانترە لە شیعەکان بە حوکمی نەبوونی مەرجەعیەتێک لە شێوەی حەوزەی علیمی شیعەکان و ئیلتیزام نەکردنی موسڵمانە سونە مەزهەبەکان بە بەخشینی مافی شەرعی لە خومس و زەکات بە مەرجەعە موقەلەدەکانیان.نە بوونی ئەزموونێکی وەک شۆرشی تووتن،مەشروتە، موسەدەق،خومەینی و حزب اللەی لوبنانی و.... ئیتر لەلایەن سونەکان،چڕی دانیشتوانێکی موسڵمانی شیعە مەزهەب و سنورێکی دەریایی دوور و درێژیان بەسەر کەنداوی فارسدا لە ناوچەیەکی گرنگی ستراتیژی وەکرۆژهەلاتی ناوەڕاستی دەوڵەمەند بە زۆر سامانی سروشتی وادەکات شیعەکان بەم فکرە سیاسیەیان مەترسیان زیاتر بێ لەسونە کۆنترۆلکراو و خەسێنراوەکانی ناوچەکە، مەترسی موسڵمانی سونە تا دێت کەمتر دەبێتەوە بەهۆی هەڵە گەورەکانی بزوتنەوە ئیسلامیە جیهادیە توندڕەوەکان و فشارە زۆرەکانی سەریان و سەر سعودیە.

**دوا سەرنج:**

*ئیسلام لە هەموو مێژوویدا پڕۆسەی شورای بەخۆوە نەبینیووە و ئەزمونی شورا لای موسلمانان بوونی نەبووە.تەنها ئایەتێکی بڤەیە لە قورئان هەبێ کە نابێ باسی لێوە بکرێ(وشورا بینکم)ە ئەویش بۆ مەسەلەیەکی سیاسی دانەبەزیووە بەڵکو بای تەفسیر و تەئویلەکەی زۆر قورسکراوە بۆ زۆر مەبەستی سیاسی.

*ترسی شیعە وا دەکات دەسەلاتی سونەی تەقلیدی خەسێنراوی،پاڵپشتکراو بە فەتوا و پاساوی شەرعی ڕەواجی خۆی لەدەست نەدا،لە سەر شیعەیە زیاتر گرنگی بە تەعەدودیەت بدات تا ئەم ڕێچکە بشکێنرێ.

*نە سونە و نە شیعەی(سیاسی و روحانی) ناتوانن تەجاوزی ئەوە بکەن و فتوای ئەوە بدەن پرۆسەی شورا بە مانا فراوانە تەعەدودیەکەی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و تاکێک بگرێتەوە،قانونە وەزعیەکان جیگای قانونە سەماویەکان بگرنەوە بۆ ئەوەی هەموو ئاین و مەزهەبەکان بێنە یەک ئاست و کەسیان نەبێ بە ئاینی ئاخریزەمان و هێڵی ڕاست و چەپ لەوی تریان نەدات،یان شورا تەنها لە نێو خۆی موسلمانان واجب نەبێ(ئەویش لە ئەزعەفول ئیمان یان بۆ موجامەلی زۆرایەتی کافری دیموکراتیخوازی زۆرینەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی).کەواتە ئیسلام چارەسەری تەواوی بۆ سەرجەم کێشە کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووری و..هتد سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێنیە و ناشتوانێ بەیەک چاو سەیری هەموو مرۆڤەکان بکات،بۆیە دەبێت دین و دەوڵەت لەیەک جیابکرێتەوە و مرۆڤەکان بە یاسایەک کاربکەن کەخۆیان لەسەری ڕێکدەکەون نەک خوا بۆیانی داڕشتبێ و دواتر هەر بەناوی خواش لەیەکتری بچنە سەنگەر وەک چۆن مەسیحیەت لە جولەکە و ئیسلام لەمەسیحیەت.

⁕ هەر لە سەرەتای دامەزراندنی خەلافەت و دەولەتی ئیسلامی دا هیچ کاتێ ئیسلام نەبۆتە سەرچاوەی یەکریزی و تەبایی موسلمانان،بەلکو گەورەترین سەرچاوەی ململانێی خوێناوی بووە لە نێو خوی موسلمانان،بەمەش پروپاگاندەی ئەو خەلکانە بەدرۆ دەکەویتەوە کە دەلین:ئیستعمار ناکۆکی لە نێو موسلمانان دروست کردوە و بۆتە هۆی دواکەوتنی عەرەب بەتایبەتی و موسلمانان بەگشتی.

ئیمپریالیەتی کۆن و نویێ رۆلی لەم دواکەوتنە هەیە و هەبووە،بەلام لەراستیدا هاتنی ئیمپریالیزم بۆ ناوچەکە ئیفرازاتی هەلەی ئیسلام و لەشکرکێشیە پیرۆزەکانی ئیسلام بووە بەناوی فتوحاتەوە بۆ رۆژهەلات و رۆژئاوا،هێرشی تەیمور لەنگ وهۆلاکۆ یان خاچپەرستەکان بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست جگە لە وەلامێک بۆ وەستاندنی تالان و برۆکانی موسلمانان لەژێر ناوی ئیسلام کە بە پشتیوانی سورەتی ئەنفال دەکران هیچی تر ناگەینێ،بۆیە لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوەیە ناتوانین بلێین:ئیسلام ئەلتەرناتیفی دیموکراتیەتی تەعەدودی و سەرچاوەی ئارامی،عەدالەتی کۆمەلایەتی و نموونەیەکی شیاوی جوانیشە بۆ چارەسەری سەرجەم کێشەکانی مرۆڤایەتی.موسلمانەکان هەرکاتێ توانیان ململانێی نێوان شیعە-سونە،شیعە-شیعە،سونە-سونە چارەسەربکات ئینجا دەتوانین بلێین ئیسلام تەنها چارەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئیسلام-علمانیەت،ئیسلام - ئاینەکانی تر.کێشەی نێوان موسلمان-موسلمان لەسەر سەرجەم مەسەلە شەرعی و عەقیدەییەکان زۆر زیاترە لە کێشەی نیوان موسلمان و (کافر)،سەنگەرەکانی ئەم دوو دژە دیارە،بەلام ئەوەی ئیسلام-ئیسلام و موسلمان-موسلمانە ئەوەندە زۆر و تێک ڤژڤژاوە سەرداوەکەی زۆر زەحمەتە بدۆزریتەوە چارەسەرنەکرانی ئەم کێشانە بە ئیسلام بۆتە شتێکی حەتمی تەنها بەدەست بەرداری هەموولا دەبێ بۆ دەولەتی یاسا و لە یەکجیاکردنەوەی( دین و دەولەت) دێتە ئاراوە.مەترسری ئیسلامی توندرەو لەوەدایە ناواقعیانە قەبارەی خۆی زۆر لە بەرامبەرەکەی بە گەورەتر دەزانێ،بێ ئەوەی دانیش بەوە بنێ.

---

سەرچاوەکان:

1- بابەتی بنەماکانی فیکروسیاسەت- سەیری ئەو بەشەی بکە کە لە ژێر تایتلی (مەدرسەی رەئی لە عیراق و مەدرەسەی حەدیس لەشام) هاتووە لەمالپەری بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/ عراق -www.imk-news.org،

2- ژیوپولییک شیعە ،فرانسوا توی ل،وەرگێرانی بۆ فارسی کتایون بایر،چ 1،پاریس،بهار1376-ل9هەروەها وێب سایدی world .population

3- سەرچاوەی ژمارە 2_ل157-158

4–بيان الدليل علي بطلان التحليل –من تأليف شيخ الأسلام اب تيمية– حققه وخرج احاديثه د.احمد بن محمد الخليل – دار ابن الجوزي في السعودية–ط 1/ 1425هجري.ص256–257،يان بيرى ئوسوولّيى ئيسلام –خويّندنەوەيەكى سۆسيۆلۆژى رەخنەيى – فوئاد مەجيد ميسرى –چاپخانەى شڤان 2003 سليّمانى ل44–45.

5– هەمان سەرچاوە و بابەتى ژمارە 1.واديارە لەم سەرچاوەيە ئاماژەى بە مەزهەبى ماليكى نەكردووە بۆيە لە 13 مەزهەبەوە ئيّمە كردومانە بە14 مەزهەب.

6– دراسات في تاريخ الحضارة الاءسلامية العربية–تاءليف سعيد عبدالفتاح،سعد زغلول عبدالحميد و احمد مختار العبادي،ط 2، سنة1986/منشورات ذات السلاسل –الكويت ،ل46–48.

7– اعرف الحق،الدكتور محمد التيجانى السماوى،چ2،سالّى 1999–انتشارات باب الحوج–قم–لە سالّى 448 و449 ك ماليكيەكان دەستدريّژيان كردۆتە سەر شافعيەكان لە مزگەوتى عەمرٍ ئەلمەشهور،هەروەها لە سالّى 479 ك لە دژى شافعيەكان فتنە رويداوە،لە سالّى 507 ك قازى حەنەفيەكان لە ديمەشق دەلىّ:ئەگەر دەسەلاّتم هەبووايە جزيەم دەخستە سەر شافعيەكان(واتە كافرن...س)فتنەى حەنبەليەكان لەمەجلسى تەبەرى و فەرمانەكەى قازى الحارسى كورِى سەكنى دەربارەى دەركردنى حەنەفيەكان و ماليكيەكان لەمزگەوت،ميّژوو زۆر كارەساتى خويّناوى لە ململانيّى ئەم مەزهەبە سونانەمان بۆ دەگيّرِتەوە.بۆ زياتر زانيارى سەيرى ل96–97 بكە.

8– فلسفة التاءتيل –دراسة في تاءويل القرين عند محيالدين بن العربي_ض 4، 1998،ناصر حامد ابة زيد،المركز التقافي العربي ،ل12.

9–اعرف الحق،الدكتور محمد التيجانى السماوى،چ2،سالّى 1999–انتشارات باب الحوج–قم–لە سالّى 448 و449 ك ماليكيەكان دەستدريّژيان كردۆتە سەر شافعيەكان لە مزگەوتى عەمرٍ ئەلمەشهور،هەروەها لە سالّى 479 ك لە دژى شافعيەكان فتنە رويداوە،لە سالّى 507 ك قازى حەنەفيەكان لە ديمەشق دەلى:ئەگەر دەسەلاّتم هەبووايە جزيەم دەخستە سەر شافعيەكان(واتە كافرن...س)فتنەى حەنبەليەكان لەمەجلسى تەبەلرى و فەرمانەكەى قازى الحارسى كورِى سەكنى دەربارەى دەركردنى حەنەفيەكان و ماليكيەكان لەمزگەوت،ميّژوو زۆر كارەساتى خويّناوى لە ململانيى ئەم مەزهەبە سونانەمان بۆ دەگيّرِتەوە.بۆ زياتر زانيارى سەيرى ل96–97 بكە.

10– فلسفه التاءەيل دراسه فى تاءويل القر*ن عند محيالدين بن العربى،چ 1998،4،ناێر حامد ابه زيد،المركز التقافى العربى ،ل12.

11–جمال الدين الاءفغانى–المائويه الاءولى(1897–1997)–چ تايبەت،دار قباء مێر،دزحسن الحنفى،ل15.

12– 23 سال–انتشارات مهر–كۆلن–ئەلّمانيا–على دشتيبه فارسى،ل221 ، بە كورديەكەشى– وەرگيّرِانى ع–م ،ل146.

13– اللاستخبارات العسكرية في الاءسلام ،عبداللة علي السلامة المحمد مناصرة،موءسسة الرسالة–بيروت/ط1 ،1991 ،ص44 وص153

14– سەرچاوەى ژمارەيەك ،هەمان ويّب سايد.

15–23 سال،ل230 كورديەكە وفارسيەكەشت 344، هەروەها اعرف الحق ،ل38–39.

16–اعرف الحق،ل63، بەلاّم بۆ زياتر شارە زابوون لاپەرِەكانى 53–64 بخويّنەوە.

17– تطور الفكر السياسي الشيعي من الشوري الي ولاية الفقيه،دار الشوري،لندن،احمد الكاتب ط1/ ،1997، ل13

18–23 سالّ ، ل232،و كورديەكە.هەروەها سەرچاوەى ژمارە 17 ،ل15 .

19– سەرچاوەى ژ–17، ل25.

20– موسوعه الخلفاء المسلمين ،اعداد الشيخ زهير الكبى،دار الفكر العربى –بيروت، چ1 ،1994،ل 68.

21–سەرچاوەى ژ17.ل16 .

22- هەمان سەرچاوەی17،ل17
23- هەمان سەرچاوەی 17- ل 18،هەروەها سەرچاوەی ژ 20 ،ل82
24-الدستور والپرلمان فی الفکر السیاسی الشیعی،دار الهدی /جعفر عبدالرزاق،چ 1 ،2001ـ بیروت،ل5-6
25-اعرف الحق،ل 43 .
26-سەرچاوەی ژمارە 24،ل140 .
27- سەرچاوەی ژمارە 17، ل 271 و 280 .
28 سەرچاوەی پێشوو ،ل 25.
29- سەرچاوەی پێشوو ،ل33 ،سەرچاوەی ژمارە 20،ل7 ،بەشی 2.
30-سەرچاوەی ژمارە17 ،ل33-35.
31- سەرچاوەی ژمارە 9، ل139 -150.سەرچاوەی ژ 17 ،ل243 -248هەرەها ل 370- 374.
32- 23 ساڵ ، ل 229،و . کوردیەکەی.
33- سەرچاوەی ژ 17 ، ل92-96 ،ول101-110و ل141-150 .
34- سەرچاوەی پێشوو ،ل 129 و لاپەڕەکانی271 تا323 .
35- هەمان سەرچاوە ،ل 408.
36-سەرچاوەی ژ-24،لاپەڕەکانی 23 و24 و25.
37-دور الموءسسات الدینیة في صنع القرار الایراني،اعداد علي صالح حامد،مەتین ژمار128ی ئەیلولی 2002،ل114.
38- سەرچاوەی ژ17، ل422-423.
39- سەرچاوەی پێشوو، ل421 و جریدة الحیاة ،عدد12697 ي 1997 و صفحة الجزیرة نت- ،الاءثنین30-04-2001، نظریة ولایة الفقیه وتداعیاتها في الفكر السیاسي الاءیراني المعاصر-شفیق شقر.
40- الجزیرە نت ،هەمان بابەتی پێشوو. رۆژنامەی الحیاە ژمارەی پێشوو.
41- سەرچاوەی پێشوو،یەکشەمە 13-5- 2001.
42- سەرچاوەی ژمارە 39 ، الجزیرە نت هەمان بابەت.
43-جریدە الحیاە ،ژمارە12697 ، لاپەڕە 5 ی ساڵی 1997 .
44-سەرچاوەی پێشوو،ژمارە14562 ی سێشەممەی 4ی شوباتی 2003 ،ل15 ،حوزە النجف العراقیە تتحفز لاستعادە دورها المرجعی مهددە ولایە الفقیە الاءیرانیە.
45- سەرچاوەی پێشوو.
46-"الجزیرە نت"،دووشەممە24-9-2001بابەتی حرکەی تالیبان.نەشەئەت وئیمارەت، ئامادەکردنی بەشی لێکۆلینەوە و دراسات. بۆ مەسەلەی تالیبان بەتەواوی سوود لەم بابەتە وەر گیراوە.
47-سەرچاوەی ژمارە 2 ،ل 164.
48-سەرچاوەی ژمارە 37 ،ل115